# کراسێکی سوور



سابات

ئەگەر دڵ تەنگی وازم لێ بێنێت

وێنەی برۆفایلەکەم دەکەم بە ژنێک لە ناخەوە پێ بکەنێ!

ئەگەر دڵ تەنگی دەستم لێ هەڵــگرێت

کراسێکی سور سور دەکەمە بەرم و

گۆرانی بۆ پاییز و کلۆلە بەفرەکانی زستان دەلێم

ئەگەر دڵ تەنگی بەجێم بێلێت

دەرگای مالەکەم لەسەر پشت دەکەم

دەستە دەستە چیرۆکی بەختەوەري بۆ خەلکی شار بەیان دەکەم

ئەگەر دڵ تەنگی دەستی لێم هەلگرێت

دەچم بۆ باخی شار و لە وێ دەبم بە باخەونی

گوڵــەکان و هەزار گوڵــی پر لە رەنگ دەروێنم

ئەگەر دڵ تەنگی بەجێم بێلێت

لە هەموو تیڤیەکان لەجێگای هەوڵــەکان چیرۆکی شادی دەگیرمەوە.

بەڵام چی بکەم

دڵــت تەنگی منی مارەکردووە لە خۆی

هەموو بەیانیک بەماچی ئەو لە خەوی شیرینم بەئاگا دێم.

**هەولێر**

**ســــــــــابــــــــــــات**